## هەڵاڵەی چۆڵ وسارا

ئێحسان تەبەری وەرگێر : حەسەن ئەیوبزادە

**لە نێوان چەند بنچکە دڕووی لاپاڵی پڕ لە گەردالی چۆڵگە سارایەک، هەڵاڵەیەکی رووەمەتگەش رسکا بوو. بۆیدانەویمەوە و بە هێمنی هەڵمپساند. بۆ ماڵێم بردەوە و لەگوڵدانێکی زیریندا جێم بۆ چێکرد تا بارشی تریفەی روخساری دلۆڤانی پەرەگوڵەکانی بەسەر جێیرازانمدا دڵم کەیلی شادی بکا.**
**ساتێک رانەبرا کە روی گەشی هەڵالە بزرکاو سیس هەڵگەڕا دواتر ملی بەلاداهات و باڵای چەمی.**
**بەپەرۆشەوە و بەلەز ئاوم لە بنی کردو بردمە بەر تێشکی خۆر و بەگوێمدا سرتاند:**
**" سیس مەبە روو گەشە هەڵاڵەی سارا!"**
**مخابن هەڵاڵەروگەشەکەم سیس بوو. کاتی فرینی گیان لە جەستەی، ئەم وتە بەسۆزەی بە گوێمدا درکاند:" ژینگەی پڕ لە دڕک و داڵ و گەردالی ساراچۆڵەکەم لەم زێرین جێیەی لە زێد تەریکە بۆمن خۆشتر بوو. بوونی من لەوێ ریشەی ئاژۆبوو ، بنجی داکوتابوو، بەڵام من لێرە بێرەگ و ریشەم ."**

هەڵاڵە: گوڵەزەری بین خۆش کە وەکو دەرمان بۆ خۆشکردنی پێستی مەشکە بەکاردێ. ماک و بنەمای مێو کە مێشەهەنگ بۆ دروستکردنی شانەهەنگوین بەکاری دێنێ. تۆزی ڕوەکی نێر بۆ ئاوس بوونی روەکی مێوینە. جاڕ و بانگ کردنی بە قەو. گوڵە مێلاقە، ڕەبەنۆک. ناوە بۆ ژن. هەمبا

گەردالْ : بەفری کەم یان تۆزوخۆڵی نیشتوو لە سەر ئەرد. هەمبا

چۆڵ وسارا: بیابان، بیاوان. دەشتی کاکی بە کاکی.

دڕوو: دڕک

بنچکە دروو : بنەدروو ، پنجەدڕک. بنەمای دروی خۆ لەئەر توندکردوو، بنی پۆلە درووی ریشەداکوتاو کە ئەردا.

رسکان و رسکانن : شین بوون، دروستبوون بە شێوەی سروشتی یان سەشتی. جۆش خواردنی پەیوەندی دار. روان و هەڵچوون.

بارش : بارین

دانەوین. داهاتنەوە . خۆخوارکردنەوە.

هەڵپساندن. هەڵقرتاندن. لێکردنەی گوڵ لە لاسکەکەی. قرتاندنی گوڵ لە ریشەکەی. هەڵبروسکانن.

چەمین: خواربوونەوە. بەلادا شۆربوونەوە.

جێی رازان: جێی پاڵکەوتن. شوێنی حەسانەوە و درێژ بوون.

هەمبا : نیشانە بۆ هەمبانە بۆرینەی هەژارە کە مەبەست ئەوەیە کە مانای بەشێک لە وشەکان لە فەرهەنگە بەفەرەکەی هەمبانە بۆرینە ی هەژاری وەرگیراوە.